چەند شێوەیەک لەسزای خوا بۆ تاوان باران لە دونیا

نوسینی (الشیخ : محمد بن جمیل زینو)
وەرگێڕانی (مەلا طە)

بسم الله الرحمن الرحیم

یەکەم:

تاوان هۆیەکە بۆشکستی موسوڵمانان :

خوای گەورە باسی غەزای (ئوحد)مان بۆ دەکات کە جەنگەکە لە قازانجی موسوڵمانانداببوو چونکە ئەمان لەسەرەتادا زاڵ بوون بەسەر بێبڕواکاندا، هەتا ئەو کاتەی کەناکۆکی کەوتە نێوانیان و بێ فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ کرد" چونکە موسوڵمانان هەی وایان تیابوو کە ئاواتی دەسکەوتەکانی جەنگ وبەدەست هێنانی دونیا بوو، ئەوەش بووە هۆی تێکشکانیان وسەرکەوتنی بێ باوەڕەکان " چونکە پاداشت بەپێی کردەوەیە.

خوای گەورە ئەفەرموێ :(وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ اللَّهُ وَعْدَهُ إِذْ تَحُسُّونَهُمْ بِإِذْنِهِ حَتَّى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الْأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَا أَرَاكُمْ مَا تُحِبُّونَ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الْآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ. إِذْ تُصْعِدُونَ وَلَا تَلْوُونَ عَلَى أَحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُمْ غَمًّا بِغَمٍّ لِكَيْلَا تَحْزَنُوا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا مَا أَصَابَكُمْ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) [1]

واتە : خوای گەورە وەعدو پەیمانی خۆی چەسپاند کە سەرکەوتنتان بوو، وەئێوە لە غەزای ئوحددا سەرکەوتن بە شێوەیەك کە بێ بڕواکان هەڵئەهاتن و ئێوەش ئەتان کوشتن، هەتا خۆتان بوون بەهۆی شکستی خۆتان و بوون بەپاڵ پشت

[1] (آل عمران:١٥٢-١٥٣)

بۆ دوژمنان بە هۆی دوو بەرەکیتانەوە کە ئەویش بە پشت گوێ خستنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ لەلایەن هەندێکتانەوە ، هەندێکتان ووتتان بالەو شوێنەی کە پێغەمبەر ﷺ ،بۆی داناوین نەجوڵێین و بێفەرمانی نەکەین ، وەهەندێکتان وتتان – بەهۆی عەقڵ خستنە پێش شەرع ! – : پێویست ناکات بمێنینەوە چونکە دوژمن شکاوە و خواریەك نیە لە گۆڕینی ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر ﷺ بۆی دیاری کردوین. جا دابەزین لە شاخ و بێ فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ کرد دوای ئەوەی خوای گەورە خۆشحاڵی کردن بەو سەرکەوتنەی کە پیشانی دان ،هەندێکتان دونیای ئەویست (ئەوانەی فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ شکاندو دابەزین بۆ کۆکردنەوەی دەست کەوت) وەهەندێکتان پاداشتی دوا ڕۆژی ئەویست (ئەوانەی کە دانەبەزین و فەرمانی پێغەمبەریان ﷺ نەشکاند)، ئەم جیاوازیو دووبەرەکیە(کە ئەنجامی سەرپێچی کردن بوو لە فەرمانی ﷺ) بوو بەهۆی سەرنەکەوتنی تەواویتان و دوژمن زەفەری پێ هێنان و زاڵ بوو بەسەرتان ئەمە تاقیکردنەوەی خوا بوو بۆ دەرکەوتنی موسوڵمان و کافر ، وە ملکەچ و یاخی " بۆ ئەوەی ببێ بەهۆی سڕینەوەی تاوانی شکاندنی فەرمانی پێغەمبەر ،ﷺ، وە بەڕاستی خوا لێتان خۆش بوو وەخوای گەورە خاوەن فەزڵ و منەتی گەورەیە بەسەرتانەوە لەوانەش منەتی موسوڵمان بوونتان و لێ خۆش بوونتان لەو تاوانە و پاداشتتان لەسەر موصیبەتەکان ٠

وەخوای گەورە باسی شکستەکەیان ئەکا لەکاتی غەزای ئوحددا و سەرزەنشتیان ئەکات کەچۆن هەڵ ئەهاتن و ئاوڕیان لەیەك نەئەدایەوە و هەموو هیوایەکیان ڕزگار بوونی خۆیان بوو، لەکاتێکدا کە پێویستی بەوەنەدەکرد چونکە ئەوەندە خەتەر نەبوو وەئاخر کەسێ نەبوون لەبەردەم دوژمندا بەڵکو پێغەمبەر ﷺ بانگی ئەکردن و ئەی فەرموو :{بۆ لای من بەندەکانی خوا}، بەڵام بێ ئەوەی گوێی بدەنێ ، لەکاتێکدا بەس هەڵهاتنەکە بەتەنها شایەنی لۆمەو سەرزەنشت بوو چجای بێ گوێیی پێغەمبەریشی ﷺ بچێتە سەرکەشایەنی لۆمەی زۆرترە ، لەبەر ئەم بێ فەرمانیانە خوای گەورە سزای دان بەچەند غەمێك لەسەریەك : غەمی تێشکانی سەربازی وە غەمی لە دەست چونی دەسکەوت و

غـەمێکیش لـە هـەموو غەمـەکان گـەورەتر کەبیستیان گوایـە پێغەمبـەر ﷺ کـوژراوە ، بەلأم خوای گـەورە بەبـەزەیی خـۆی هـەموو ئەوغەمانەی بـەخێرگێڕا بۆموسـوڵمانان، بـۆ ئەوەی خەفەت نەخۆن لـە لەدەست چـوونی سـەرکەوتن و لـەوەش کـە توشـیان بـوو لـە شکست وکوژران و بریندار بونیـان و هـەموو ناڕەحەتیەکیان لا سـوك و ئاسـان بـوو کـە دڵنیـابوون سـوپاس بـۆ خـوا پێغەمبـەر ﷺ سـەلامەتە وەلەکۆتاییـدا خـوای گـەورە ئەفـەرمویێ (وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) واتـە ئاگای لە هەموو کردەوەکانتانە ٠

هەروەها لە **غەزای(حونەین)دا** هەندێ لەموسوڵمانەکان لە خۆیان بایی بوو بون و شانازیان بەزۆری ژمارەیانەوە ئەکرد کە ئەمەش تاوانێکی تڕەو بوو بەهۆی تێشکانیان لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بوون وەك خوای گەورە لەباسی ئەو غەزایەدا دەفەرمویێ: (لَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنْكُمْ شَيْئاً وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُمْ مُدْبِرِينَ)[٢] .

واتە : خوای گەورە منەت ئەکات بەسەر موسـوڵمانانداکەسـەری خسـتون لـە زۆر شـوێندا، هـەتا لـە ڕۆژی حونەینـدا کـە موسـوڵمان زۆر ناڕەحـەت بـوون و دنیایـان لەسـەر تـەنگ بـوو، لەگـەڵ فراوانیشـیدا و فـەرمووی :٠بەڕاستی خـوای گـەورە لـە زۆر شوێندا سەری خستون بەسـەر بـێ بڕوایانـدا لەوانـە ڕۆژی حونـەین کەلـە بـەر زۆریتـان هەندێکتان لە خۆتان بـایی بـوون بـەلأم ئـەو زۆریـە سـوودی نـەبوو بۆتـان و تێشـکان بـە شێوەیەك زەویتان لێ تەسك بـوەوەو لەگـەڵ گەورەیشـیدا و هـەڵهاتن هـەتا خـوای گـەورە دڵنیـایی و سـەکینەی پـێ بەخشـین و یارمـەتی دان بەسـەریازی مەلائکـە بـێ ئـەوەی بیـان بیـنن وەمـژدەی پێـدان بەسـەرکەوتن، لەهـەمان کاتیشدا سـزای بـێ بڕواکـانی دا بەسـەر کـەوتنی موسـوڵمانان بەسـەریاندا و دەسـت گـرتن بەسـەر مـاڵ و سـامانیاندا. ئـا ئـەم دۆڕاندنـە تۆڵەیـە لـە کـافران لـە دونیـادا، لەگـەڵ سـزای سـەختی دوا ڕۆژیش ٠

لـەم دوو باسـەدا بۆمـان دەرکـەوت کـە سەرخستنی خـوای گـەورە بـۆ موسـوڵمانان ئـەگۆڕێ بـۆ شکسـت و دۆڕانـدن بـە هـۆی تاوانـەوە ، جـا ئـەوەی شـایەنی سـەرنج و

[٢] (التوبة:٢٥)

باسە و جێگەی تێبینییە لەم چیرۆکانەی پێشودا بوونی پێغەمبەر ﷺ لە ڕیزی موسوڵمانانداا کە ئەوانیش هاوەڵانی پێغەمبەرو باشترین چینی موسوڵمانانن لەسەر زەویدا، بەڵام ئەوانە نەبوون بە هۆی دوور خستنەوەی سزای خوای گەورە لەسەریان ئەبێ سزای خوای گەورە چۆن بێت بەرامبەر بە موسوڵمانانی ئێستا کەتاوان بووە بە پیشەی زۆربەیان ،وە وا دەبینن کە سەرکەوتنیان لە ئیهمال کردنی سوننەت و پشت گوێ خستنی بانگەوازی تەوحید و چاوپۆشی کردن لە شیرك و بیدعە و شوێن کەوتنی ئوممەتانی تر و زۆر خەڵك کۆکردنەوە دایە ! ! ! .

دووەم

تاوان خێرو نیعمەت لە دەست دەدا

المعاصي تُذهِب الخيرات وتُزيل النِّعَم

خوای گەورە ئەفەرموێت ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ (الرعد: من الآيه١١)

خوای گەورە خۆشی وسەرفرازی هیچ کۆمەڵێك نا گۆڕێ بۆ ناخۆشی و سزا هەتا ئەو کۆمەڵە خۆیان نە گۆڕن لە باشەوە بۆ خراپە، ئەمە سوننەتی خوای گەورە یە کە خۆش گوزەرانیو ئاسایشی هیچ کۆمەڵێك ناگۆڕێت هەتا دەست نەکەن بە خراپەکاری و تاوان.

وەپێویستە ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین کە قوتاربوون لە سزای دونیایی بۆتاوان باران مانای ڕەزاو لێخۆش بوونی خوای گەورە نیە، وەك لەم فەرمودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ ئەفەرموێت: (إذا رأيت الله يعطي العبد من الدنيا على معاصيه ما يحب فإنما هو استدراج ثم تلا :﴿فَلَمَّا نَسُوا مَا ذُكِّرُوا بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُوا بِمَا أُوتُوا أَخَذْنَاهُمْ بَغْتَةً فَإِذَا هُمْ مُبْلِسُونَ﴾[٤] . واتە ئەگەر بینیت اللە نیعمەت وخۆشی ئەدات بە بەندەی تاوان باری لە دونیادا ئەوە لەباشی ئەوبەندەیە نیە بەڵکو مۆڵەت دانی خوایی‌یە بۆی وەك خوای گەورە فەرموی (لەکاتێکدا فەرمانە کانی خوایان لە بیر خۆیان بردەوە مۆڵەتمان دان و هەموو دەرگایەکی خۆشی وڕابواردنی دونیایی‌مان لێ کردنەوە تاوایان لێ هات زۆر خۆش حاڵ بوون بەو خۆشی‌و ڕابواردنە لەپڕا گرتمانن بەسزایەکی کتوپڕ لەکاتی بێ ئاگایی ودڵنیایی بۆیان هات بۆ ئەوەی زۆر توندو کاریگەربێت لەسەریان .

---

[٣] (الأنعام:٤٤)

[٤] رواه احمد ١٦٨٠والطبراني بسند حسن .

سێیەم

مۆردان لە دڵ (الختم على القلب)

هەندێك لە پێشینان (السلف) فەرموویانە(پاداشتی چاکە هاتنی چاکەی تر بەدوایدا وە تۆڵەی خراپە توش بونی خراپەی تر بەدوایدا)[٥]

ئەم وتەیە بنەمایەکی گرنگەو پێویستە هەموو سوڵمانێك بیری لێ بکاتەوە و لە خۆیدا بەرجەستەی بکات وە هیچ گومانی تێدانیە کە گەورەترین بەرهەمی تاوان لە دونیادا بریتییە لەئاسایی بوونی تاوان کردنی یەك لەدوای یەك لای تاوان بار هەتاوای لێ دێ نەچاکە ئەزانێ نە دژی خراپەش ئەوەستێ .

عن أبي هريرة ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ : (إن العبد إذا أخطأخطيئة نكتت في قلبه نكتة سوداء، فإن هو نزع واستغفر وتاب صقل قلبه ،وإن عاد زيد فيها حتى تعلوعلىقلبه وهو الران الذي ذكر الله تعالى: {كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ} ٥

واتە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت :

بەندە ئەگەر تاوانێکی کرد خاڵێکی ڕەش ئەچێتە سەر دڵی جائەگەر بەردەوام نەبوو وە وازی لەتاوان هێناو تۆبەی کردو داوای لێ خۆش بوونی کرد ئەوە دڵی پاك ئەبێتەوە لەو خاڵە ڕەشە ،بەڵام ئەگەر بەردەوام بوو لەتاوان کردن ئەوە خاڵەکە زیاد دەکا هەتا هەموودڵی دادە پۆشێ.وە ئەوە ئەوپەردە(رَيْنٌ) یەکەخوای گەورە ئەفەرموێ: دای پۆشیوە دڵیان تاوان و کردەوە خراپە کانیان بە شێوەیەك بڕوا ناهێنن و حەق نابیستن.

وێنەیەکی تریش لە ئەنجامی یەکێك لە تاوانەکان، کە پێغەمبەر ﷺ، بۆمان باس ئەکات ئەفەرموێت: {لينتهينَّ أقوائم عن وَدَعِهِمُ الجُمُعات أو ليختِمنَّ الله على قلوبهم ثم ليكونن من الغافلين}[٦]

واتە ئەو موسوڵمانانەی کە نوێژی جومعە ناکەن، ئەوە یان واز ئەهێنن لەو کارەیان و دەست ئەکەنەوەبە (جمعە) کردن ، یان خوای گەورە مۆری تاوان باری ئەنێ بە دڵیاندا تا وایان لێ دێ بێ ئاگا ئەبن لەیادی خوا .

چوارەم

گیرا نەبوونی دوعا (ردّ الدعاء)

---

[٥] (المطففين:١٤) رواه احمد والترمذي ٣٣٣٤ والنسائي وابن ماجة١٤١٨وابن حبان بسند صحيح

[٦] رواه مسلم ٨٦٥

یەکێك لە بەرهەمەکانی مل کەچی فەرمانەکانی خوای گەورە گیرا بوونی دوعایە بە شێوەیەك ئەگەر موسوڵمانی ڕاست و مل کەچ داوایەکی دونیایی یان قیامەتی هەبێت خوای گەورە لێی قەبوڵ ئەکات وەك پێغەمبەر ئەفەرموێت: }إن الله حيِيٌّ كريمٌ يستحي إذا رفع الرجل إليه يديه أن يردهما صفراً خائبتين{[٧].

واتە خوای گەورە شەرمی زۆرەو زۆر بەخشندەیە بێ دوعا کردنیش، ئەی ئەبێ دوای دوعا کردن چۆن بێت بێ گومان زیاتر بەخشندەیەو شەرم ئەکات ئەگەر بەندەی دوعا بکات لێی وەرنەگرێت و بێ بەشی بکات لەو بەخشندەیی وبەزەیەی کە بە دوعا کردن ئەیدا بە مرۆڤ).

بەڵام خوای گەورە تاوان باران بێ بەش ئەکات لە هەمان نیعمەت و دوعایان گیرا نابێت با زۆریش دوعا بکەن وەکو پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت: }ادعوا الله وأنتم موقنون بالإجابة واعلموا أن الله لا يقبل دعاءً من قلب غافل لاه{[٨].

واتە دوعا بکەن بەشێوەیەك ئومێدەوار بن وە یەقینیشتان هەبێت کە خوا لێتان وەرئەگرێت . وە بشزانن کە الله دوعای کەسانێك قەبوڵ ناکا مل کەچی فەرمانی خوا نەبن و بێ ئاگابن لەوەی کە داوای ئەکەن بە زوبان وە دڵەکانیان بەشتی پڕو پوچەوە خەریك بێت.وعن حذيفةؓ،قال:

قال رسول الله ﷺ(والذي نفسي بيده لتأمرُنّ بالمعروف ولتنهون عن المنكر او ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقاباً من عنده ثم لتدعُنَّه فلا يستجيب لكم)[٩].

واتە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، یان فەرمان بە چاکە ئەکەن و دژایەتی خراپە ئەکەن یان بەزوترین کات سزای خواییتان بۆ دێت و بە دوعا کردنیش خوای گەورە ئەو سزایەتان لەسەر لانابات، واتە یان فەرمان بەچاکەو دژایەتی کردنی خراپە لە ئێوەوە یان دابەزینی سزای گەورە لەلایەن خوای گەورەوە، کەواتە هەرکاتێ فەرمان بەچاکەو دژایەتی خراپە هەبوو ئەوە سزانیە وەئەگەر ئەو دوانە نەبوون ئەوە سزا مسۆگەرە ! .

پێنجەم

سوك و ڕیسوا كردن (الفضيحة)

[٧] رواه أبوداود ١٤٨٨والترمذي ٣٥٥٦وأحمد ٢٣٢٠٢بسند صحيح

[٨] رواه الترمذي ٣٤٧٨والحاكم بسند صحيح

[٩] رواه أحمد والترمذي ٢١٩٩بسند حسن

عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: قال رسول الله ﷺ: (يامعشر من أسلم بلسانه و لم يدخل الإيمان في قلبه لاتؤذوا المسلمين ولا تعيروهم،ولا تتبعوا عوراتهم، فإن من تتبع عورة أخيه المسلم يتتبّع الله عورته ،ومن تتبع الله عورته يفضحه ولو في جوف رحله)[10]

واتە پێغەمبەر ﷺ فەرموی{ئەی ئەوانەی کە موسوڵمانی سەرزارەکین و بناغەو تەواوی باوەڕ جێگیری دڵتان نەبووەئازاری موسوڵمانە ڕاستەکان مەدەن ئەوانە بەزمان باوەڕیان هێناوە و جێگیربووە لەدڵیاندا توانج و سەرزەنشتیان مەکەن لەسەر تاوانی ڕابردویان چاودێری و جاسوسی بەسەریانەوە مەکەن بۆ ئاشکرا کردنی عەیب و عاریان وە هەرکەسێ وا بکا ئەوە خوای گەورە جاسوس و چاودێر ئەبێ بەسەریەوە بۆ هەڵمالّینی عەیب وعاری، وە هەرکەس خوای گەورە وای لێبکات ڕسوای ئەکات ئەگەر هەرلە ماڵێش نەیەتەدەر و کەسیش هەست بەتاوان وخراپەی نەکات{

شەشەم

گیرۆدەبونی زۆر مجادەلە کردن (إتيان الجدل)

عن أبي أمامة رضي الله عنه قال :قال رسول الله ﷺ {ماضل قوم بعد هدى كانوا عليه ،إلاّ أوتوا الجدل}[11]

واتە: پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت هیچ کۆمەڵێك سەر لێ شێواو نەبوون دوای وەرگرتنی هیدایەت وڕاستی ئیللا فێری مجادەلە بوون. واتە بەهیچ شتێك گومڕاو بێ بڕوا نەبوون جگە لە موجادەلە کردن کەئەویش بریتییە لەناکۆکی بێ ویژدانانە (بلا انصاف)لەسەرشتیناڕاست(الخصومة بالباطل) وەئەمەش دروست نییەو حەرامە مەگەر ڕا گۆڕینەوە(مناظرة)یەك بەنیێتێکی پاك و بەویژدانانە بۆ ئامانجێکی ڕاست وەکو سەرخستن و ئاشکرا کردنی حەق و لادانی گومان و شوبهەی ناهەق .

حەوتەم

سزا گشت گیر ئەبێت کە تاوان کردن بەر بلاّو بوو

العذاب يعُمُّ إذا كثر الخبث .

(قالت عائشة: أنهلك وفينا الصالحون ؟ قال : نعم إذا كثُرَ الخبث) رواه مسلم ٢٨٨٠

عائیشەئەفەرموێت:پرسیم لە پێغەمبەر

[10] رواه الترمذي ٢٠٣٢ بسند صحيح

[11] حسن رواه الترمذي ٣٢٥٣

ﷺ :خوای گەورە سزامان ئەدات لە دونیادا و لەناومان ئەبات لەگەڵ ئەوەشدا کە موسوڵمان و پیاو چاکیشمان تیابێت؟

لە وەڵامدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەڵێ سزای گشت گیرتان بۆ دێت بەشێوەیەك کەتەڕوو وشکی پێوە ئەسوتێ ئەگەر تاوان وخراپە–وەکو زیناو بەدڕەوشتی– زۆر بوو لەناوتانا.

هەشتەم

بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و پەتا (الأمراض والأوبئة)

عن البراء بن عازب ﷺ،قال:قال رسول الله ﷺ :(ما اختلج عرق ولا عين إلا بذنب وما يدفع الله عنه اكثر)[١٢].

واتە: هیچ دەمار وەرگەڕانێك وچاو سوڕانێك(و بەڵاو نەخۆشی یەك) توشی مرۆڤ نایەن بەهۆی تاوانەوە نەبێت وە خوای گەورە زۆر بەڵاشی لێ لاداوین وە ئەگەرخوای گەورە لەسەر گشت تاوانێك سزامان بدا بەنەخۆشی ئەوە لەش ساغ نەدەما بەڵام لەسەرکەمێکیان سزائەدات بە نەخۆشی و لەزۆریشیان خۆش ئەبێت.

نۆیەم

ناکۆکی (الخلاف)

عن أنس ﷺ قال :قال رسول الله ﷺ : {ماتوادّ اثنان في الله فيفرّق بينهما إلا بذنب يحدثه أحدهما}[١٣]

واتە هیچ دوو موسوڵمانێك کەلە بەر خوا یەکتریان خۆش بوێت، ناکۆك نابن و جیاوازی ناکەوێتە نێوانیانەوە ئیللا دوای تاوان کردنی یەکێکیان نەبێت ٠

وەهەندێ کەس واگومان ئەبەن کە ئیهمال کردنی هەندێ جۆری خوا پەرستی (عبادەت)، وەهەندێ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کە پێی ئەڵێن ئەمە شتێکی جوزئیە یان پوالەتی (شەکلی)یەوئەوبایەخەی پێ نادەن چونکە بەگومانی ئەوان ئەو سزایانە نایان گرێتەوە ، بەڵام وانیە بەبەڵگەی ئەم فەرموودانەی پێغەمبەر ﷺ :

أ–عن أنس ﷺ،قال :أقيمت الصلاة، فأقبل علينا رسول الله ﷺ بوجهه فقال : {أقيموا صفوفكم وتراصُّوا فإني أراكم من وراء ظهري }(قال :وكان أحدنا يلزق منكبه بمنكب صاحبه وقدمه بقدمه٠)[١٤]

وفي رواية : (قال أنس :فلقد رأيت أحدنا

---

[١٢] رواه الطبراني في الأوسط والضياء المقدسي بسند صحيح

[١٣] رواه البخاري في الأدب المفرد بسند صحيح.

[١٤] البخاري

يُلصق منكبه بمنكب صاحبه وقدمه بقدمه) - وزاد معمر في روايته كما في فتح الباري- فلو ذهبتَ تفعل هذا اليوم لنفر أحدهم كأنه بغل شموس) وترجم البخاري لهذا الحديث بقوله (باب إلزاق المنكب ، والقدم بالقدم في الصف)٠

واتە قامەت کرا بۆ نوێژی جەماعەت پێغەمبەر ﷺ ڕوی تێ کردین و فەرمووی (ڕێك ڕاوەستن و پاڵ بدەن بەیەکەوە چونکە من لەپشتیشەوە ئەتان بینم)

ئەنەس ﷺ ئەفەرموێ بینیم دوای ئەو فەرمانەی پێغەمبەر ﷺ شان و قاچیان ئەنوسان بەیەکەوە.

وەمەعمەر ڕەزای خوای لێ بێ لە ڕیوایەتی خۆیدا کە لەکتێبی(فتح الباري) دا هاتووە فەرموی:ئەگەر ئەمڕۆ وا بکەیت خەڵك پێی ناخۆشەو تووڕە ئەبێ ولێت دور ئەکەونەوە وەك هێستری چەموش ! !٠

وەإمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەم حەدیسەی لە ژێر ناونیشانی باسی(لکاندنی شان بەشان و قاچ بە قاچ لە ڕیزی جەماعەتدا هێناوە).

ب-:وعن النعمان بن بشير ﷺ قال :أقبل رسول الله ﷺ على الناس بوجهه فقال : {أقيموا صفوفكم ثلاثا، والله لتقيمن صفوفكم أو لَيُخالفنّ الله بين قلوبكم} قال: فرأيت الرجل يلصق منكبه بمنكب صاحبه وركبته بركبة صاحبه وكعبه بكعبه)[١٥]

نوعمانی کوڕی بەشیر ئەفەرموێ لە کاتی نوێژدا پێغەمبەر ﷺ ڕووی تێکردین و سێ جار فەرمووی ڕیزەکانتان ڕێك بخەن" سوێند بەخوا یان ڕیزەکانتان ڕێك ئەکەن و ڕاست ئەوەستن یان ﷲ دوو بەرەکی وناکۆکی ئەخاتە ناو دڵەکانتانەوە، ئینجا نعمان فەرمووی دوای ئەو فەرمانەی پێغەمبەر ﷺ پیاوم ئەبینی شانی ئەنا بەشانی هاوەڵەکەیەوە وئەژنۆی بە ئەژنۆی وقولە پێی بە قولە پێیەوە ٠

ئەمەش سزایەکی تووندو تیژە پێغەمبەر ﷺ ئەمان ترسێنێ پێی کە ناکۆکی و دووبەرەکی دەخاتە نێوان دڵەکانمانەوە لەسەر ڕێك نەکردنی ڕیزی نوێژ لەجەماعەتدا[١٦] ، کە هەندێ کەس زۆر بێ بایەخ سەیری ئەکەن و پێی ئەڵێن

ئەمە شتێکی جوزئیە یان ڕواڵەتیە !

---

[١٥] رواه أبوداود وابن حبان وأحمد بسند صحيح

[١٦] ڕیز ڕێك نەکردن ئەوە سزاکەی بێت ئەی ئەبێ عەقیدە ڕێك نەخستن سزاکەی چی بێت ! کەواتە چۆن موسوڵمانان یەك دەبن تاوەکو عەقیدەو ڕێبازیان یەك نەکەن بەگوێرەی سوننەت !

دەیەم

ڕۆچون بە زەویداو وێران بوون

(الخسف والدمار)

عن عمران بن حصين ﷺ قال :قال رسول الله ﷺ :

(في هذه الأمة خسف ومسخ وقذف إذا ظهرت القيان والمعازف وشربت الخمور)[17]

واتە خوایگەورە سزای موسوڵمانان ئەدات بە ڕۆچوون بەزەویدا و نوقم بوون تێیدا ،وەگۆڕان وشێواندنی شێوەی دروست بوونیان و باراندنی بەرد بەسەریاندا لە ئاسمانەوە ئەگەر تیایاندا دەرکەوت :

١-کیژۆڵە و کەنیزەکی گۆرانی بێژو لۆتی .

٢-بڵاو بوونەوەی ئامێری مۆسیقا بەهەموو جۆرەکانیەوە وەکو دەف وعود ...هتد.

٣-عارەق خواردنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە، یان بەئاشکرا خواردنەوەی

یانزەهەم

ناوبانگ زڕان و خراپ باس کران

(الذكر السيئ)

عن أبي هريرةﷺ قال:قال رسول الله ﷺ: {ما من عبد إلاّ وله صيت في السماء، فإن كان صيته حسناً،وُضع في الأرض، وإن كان صيته في السماء سيئاً وضع في الأرض }[18]

واتە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت هیچ عەبدێك نیە إلا ناوبانگی هەیە لەئاسماندا وە ئەگەر ناو بانگ وشۆرەتی لە ئاسماندا باش بێت ئەوە لەزەویشدا باش ئەبێت وە ئەگەر ناوبانگی لەئاسماندا خراپ بێت لە زەویشدا خراپ ئەبێت .

وعن أبي هريرة ﷺ قال:قال رسول الله ﷺ : {إذا أحب الله عبداً نادى جبريل إني أحببت فلاناً فأحبه، فينادي في السماء، ثم تنزل له المحبة في الأرض:فذلك قوله تعالى: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا﴾[19] .

---

[17] رواه الترمذي بسند صحيح ٢٢١٢

[18] رواه البزّار بسند صحيح

[19] مريم أية ٩٦

(وإذا أبغض الله عبداً نادى جبريل إني أبغضت فلاناً، فينادى في السماء، ثم تنزل له البغضاء في الأرض). رواه الترمذي بسند صحيح

واتە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت {ئەگەر خوای گەورە بەندەیەکی خۆش بوێت ئەوە بە جبرەئیل ئەفەرموێ من ئەو بەندەیەم خۆش ئەوێت دەتۆش خۆشت بوێت، جبرە ئیلیش عليه السلام بانگ ئەدا بەناو خەڵکی ئاسمانەکاندا خوای گەورە فلاّن بەندەی خۆش ئەوێت دەی ئێوەش خۆشتان بوێت جا ئەوانیش خۆشیان ئەوێت وخۆشەویستی دائەبەزێ بۆ خەڵکی سەر زەوی واتە ئەوانیش خۆشیان ئەوێت . ئەمەش مانای فەرمودەی خوای گەورەیە لە سورەتی مریم دا (بەڕاستی ئەوانەی کەبڕوایان هێناوە وکردەوەی باش ئەکەن خوای گەورە خۆشەویستیان ئەکات لای خۆشەویستانی خۆی ودانیشتوانیزەوی و ئاسمانەکان. ئەمەش پاداشتی خۆش ویستنی ئەوانە بۆ اللّٰه .وەئەگەر خوای گەورە ڕقی لە بەندەیەکی بێت بانگی جبرەئیل ئەکات ئەوەمن ڕقم لە فلان عەبدە ئەویش بانگ ئەدا لەئاسماندا خەڵکی ئاسمانەکانیش ڕقیان لێی ئەبێت وە ڕق لێبوونی بۆ دائەبەزێ بۆ سەر زەوی خەڵکی سەر زەویش ڕقیان لێی ئەبێت

دوانزەهەم

لەدەست چوونی دونیاو قیامەت

(خسران الدنيا والآخرة)

عن أنس رضي الله عنه قال:قال رسول الله ﷺ (من كانت الآخرةُ همَّهُ ، جعل الله غناه في قلبه،و جمع له شمله،وأتته الدنيا وهي راغمة ، ومن كانت الدنيا همَّهُ،جعل الله فقره بين عينيه وفرّقَ عليه شمله،و لم يأته من الدنيا إلاّ ما قُدِّر له)[٢٠].

واتە پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێ هەرکەسێ مەبەست و هەوڵ و نیەتی دوا ڕۆژ بێت خوای گەورە ڕازی ئەکات بەژیانێکی مام ناوەندی (کفاف)، بۆ ئەوەی ماندو نەبێت لە بەدەست هێنانی زیادەی دونیادا وە خوای گەورە هۆکاری پێویستیەکانی ژیانی بۆ ئاسان ئەکات بێ ئەوەی خۆی بزانێ. وە ژیانیشی بۆ دابین ئەبێت بە ئاسانی و بێ ماندوو بوون وە دونیامل کەچی ئەو دەبێت بەدوای ئەو دەکەوێت .

وەهەرکەسێك ئاوات ونیەتی دونیا بێت خوای گەورە چاو برسی ئەکات وبەردەوام پێویستی بەخەڵك ئەبێت وهەمووکارەکانی

[٢٠] رواه الترمذي بسند صحيح رقم ٢٤٦٥

لەسەرگرانئەبێت و دونیاو پێویستیەکانی بەو ئەندازەیە بۆ دێت کە بۆی بڕیاردراوە با زیاد لەپێویستیش هەوڵی بۆ بدات و بە دواشیدا ڕاکات. !ئابەو شێوەیە تاوان بار هەڵپەیەتی بە دوای سەرابێکدا (تروسکایەکدا) کەدورە لەڕاستیەوە و حەقیقەتی نیە، وەتاریکی دڵ ئابلوقەی ئەدات تاوای لێ دێ شەیتانەکان لێی نزیك ئەبنەوەو وەسوەسەی بۆ دروست ئەکەن و پیاو چاکان لێی دور ئەکەونەوە .

خوای گەورە ئەفەرموێت:

(وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ)[٢١]

خوای گەورە پێمان ڕادەگەیەنێ بە سزایەکی گەورە بۆ ئەو کەسانەی کەپشت ئەکەنە قورئان ودژی ئەوەستن لە کاتێکدا ئەو قورئانە گەورەترین بەهرەی خواییە بۆ سەر بەندەکانی کە هەرکەسێ پەیڕەوی بکات و وەری گرێت ئەوە خێرێکیگەورەی وەرگرتووەو هەرکەسێ پشتی تێکات ئەوە کەوتۆتە زیانێکی وا گەورەوە کە دەرباز بووونی نیە لێی مەگەر بە تۆبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای اللَّهُ .وەخوای گەورە شەیتانی بۆ ڕام (مسخر) دەکات ودەیکاتە هاوڕێو هاوکاری لە خراپەدا وە وای لێ دەکات کەدوری بخاتەوە لە ڕێگەی ڕاست وئسلامەتی لەگەڵ ئەمانەشدا وا گومان ئەبەن کە ڕێگەی ڕاست و هیدایەتیان گرتووە .

وەتاوان باران خەم وخەفەتی دنیایان زۆر ئەبێ تا خوای گەورە ئیهمالیان ئەکات ودەست بەردایان ئەبێت وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

{من جعل الهموم همّاً واحداً هم المعاد كفاه الله سائر همومه ومن تشعبت به الهموم من أحوال الدنيا لم يُبال الله في أي أوديتها هلك }[٢٢].

واتە: هەرکەسێ هەموو خەم خواردنەکانی کۆکاتەوە لەیەك خەمدا ئەویش خەمی دواڕۆژ و قیامەت بێ " خوای گەورە هەموو خەمە دنیاییەکانی سارێژ ئەکات و بێ خەمی ئەکات ویارمەتی ئەدات .

وەهەرکەسێ هەموو خەمەکانی هەر بۆ دونیا بێت و دوا ڕۆژ و قیامەت پشت گوێ

[٢١] الزخرف ٣٦،٣٧

[٢٢] رواه ابن ماجة بسند حسن من حديث لبن مسعودرقم (٢٥٧) وقال الألباني ضعيف إلا المرفوع منه فهو حسن

بخـات خـوای گـەورەش یارمـەتی نـادات وکفایـەتی نـادات لـە سـەر دونیـا وئیهمـالی ئەکات و بایەخی پـێ نـادات لـە کـوێ لـەناو ئەچێت با لەناو بچێت ٠

وەخوای گەورە وا ئەکات لـەو تاوانبارانـە کە بەبـەردەوامی پێویستیان بەخـەڵك هەیـە و چـاوەنواڕیان دەبـن وەکـو پێغەمبـەر ﷺ لەم حەدیسەدا ئەفەرموێت :

{من التمس رضا الله بسخط الناس كفاه الله مؤونة الناس. ومن الـتمس رضـا النـاس بسخط الله وكله الله إلى الناس }[٢٣]

واتـە: هەرکەسـێ ئـاوات و هـەوڵی لـە دونیـادا ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە بێـت بـێ گوێدانە تـیروتـوانج و تـوڕە بـونی خـەڵکی، لەبـەر خوا،ئـەوە خـوای گـەورە پێویسـت و (محتـاج)ی ناکـات وخـۆی کفایەتیـە تـی " چـونکە خـوای گـەورە کەمتەرخـەم نیـە بەرامبەر ئەوانەی پشتی پێ ئەبەستن .

وەهەر کەسـێ گـوێ نەداتـە ڕەزامەنـدی ﷲ لە پێناوی لە خۆ ڕازی کردنـی خـەڵك ، ئـەوە خـوای گـەورە لێـی دەڕەنجێـت ، خەڵکیشـی هـەر لـێ ڕازی ناکـات بـەڵکو ئەوانی بەسـەردا زاڵ دەکـات، تـا وای لێ دێ ئازاری ئەدەن وستەمی لێ ئەکەن .

سیانزەهەم

نەمانی بەرەکەت لەئیش و ماڵدا

(فقدان بركة الأموال والأعمال)

نمونـەی زۆر هەیـە لەفـەرمودەکانی پێغەمبـەر ﷺ کەبەڵگـەن لەسـەر یارمـەتی دانی خوای گەورە بۆ بەندە مل کـە چـەکانی و ڕشـتنی بەرەکـەت بەسـەریانداو ئیهمـال کردنی تـاوان بـاران وهـەڵ گرتنـی بەرەکـەت لەسـەریان وەکـو پێغەمبـەر ﷺ لـەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێ:

عن أبي هريرة ﷺ قال:قال رسـول الله ﷺ :{ما من يوم يصبح العبـاد فيـه، إلاّ ملكـان ينـزلان فيقول أحدهما اللـهم أعـط منفقـاً ،خلفاً ،ويقول الآخر : اللـهم أعـط ممسـكاً تلفاً }[٢٤]

واتە هـیچ ڕۆژێـك نایـەت بەسـەربەندەکانـدا ئـیللا دووەمەلائیکـەت دائەبەزنـە سـەرزەوی وبەکێکیان دوعـا ئـەکات وئەفـەرموێ خوایـە ئەوەی لە پێناوی تۆدا ماڵ وسـامانی بـەخت ئـەکات بـۆی پـڕ بکـەرەوە وبەرەکـەت بڕێژەبەسەریدا.

[٢٣] رواه الترمذي ٢٤١٤

[٢٤] رواه البخاري ١٤٤٢ومسلم ١٠١٠

دووهەمیان دوعائەکات ، ئەفەرموێت: خوایە ئەوانەی مالّ وسامانیان لەپێناوی تۆدا بەخت ناکەن و خێری لێناکەن وباوەشیان کردوە بە دونیادا خوایە مالّ وسامانیان لەناو بەریت وفەرپو بەرەکەتی خۆتیان لێ بگریتەوە .

وعن أسماء ﷺ قالت:قال رسول الله ﷺ

(لا توكيءُ فيوكأ عليك) [٢٥]

واتە: ڕەزیل وچروك مەبن لەبەخشینی مالّتان لەپێناوی خوادا چونکە خوای گەورە یارمەتی وسەرپەرشتی ئەو کەسانە ناکات کەبەخیلن لەخێرو چاکەدا. وەئەویش خێری خۆییان لێ دەگرێتەوە.

وعن حكيم بن حزام ﷺ قال:قال رسول الله ﷺ :

(إن هذا المال خضرٌ حلو ، فمن أخذه بحقه بورك له فيه،ومن أخذه بإشراف نفس لم يبارك له فيه وكان كالذي يأكل ولا يشبع، واليد العليا خير من اليد السفلى)[٢٦]

واتە:پێغەمبەر ﷺ فەرموی: بەڕاستی ئەم مالّە وێنەی میوەو سەوزەو شیرینی وایە[٢٧] هەرکەسێ بەحەقی خۆی وەری بگرێت ، لەڕێگەی حەلاّلەوە نەك ڕێگەی حەرام و بەسوالّ و دەست پان کردنەوە ئەوە بەرەکەت ئەڕژێت بەسەرمالّیدا .

بەلاّم هەرکەسێ بەڕەنجی شان پەیدای نەکات وبەچاوتێبڕین و سوالّ و ناشەرعی دەستی کەوێ ئەوە خوای گەورە بێ بەرەکەتی ئەکاووەکوئەو کەسەی لێ دێ کەتوشی برسێتی بوو بێت (وەك ئەڵێن) نەخۆشییەکە هەرکەس بیگرێت تێر ناخوات . یان وتراوە وێنەی وەك ئاژەڵی لەوەڕگا وایەو تێر بوونی نیە ! .

لەکۆتاییدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی دەستی سەرەوە باشترە لە دەستی ژێرەوە، واتە: ئەو کەسەی خێرو خێرات ئەکات باشترە لەو کەسەی کە دەست پان ئەکاتەوەو سوالّ ئەکات .

دەدیسێکی گشتی لەم بارەیەوە

عن عبدالله بن عمر ﷺ قال:

أقبل رسول الله ﷺ فقال: {يا معشر المهاجرين ! خمسٌ إذاابتليتم بهن وأعوذ بالله أن تُدركوهن :

---

[٢٥] رواه البخاري

[٢٦] متفق عليه

[٢٧] واتا: وێنەی دونیا لە خۆش ویستن و حەز لێ بوون وهەوڵدان بۆی وەکو میوەو سەوزەو شیرینی وایە " چۆن میوەو سەوزە مرۆڤ حەزی لێ ئەکا وەئەگەر هەنگوین وشیرینیشی بچێتە پاڵ ئەوە زیاتر حەزیلێ ئەکات (دونیاش بەهەمان شێوە) وە ئامانژە بۆ ئەوەی کەمالّ وسامان لەو شتانەن کە نامێننەوە هەر وەك چۆن میوەو سەوزە نامێننەوە.

١- لم تظهر الفاحشة في قوم قط ، حتى يعلنوا بها إلاّ فشا فيهم الطاعون والأوجاع التي لم تكن في أسلا فهم الذين مضوا.

٢-و لم ينقصوا المكيال والميزان إلاّ أخذوا بالسنين وشدة المؤنة وجور السلطان عليهم.

٣-و لم يمنعوا زكاة أموالهم إلاّ منعوا القطر من السماء ولولا البهائم لم يمطروا.

٤-و لم ينقضوا عهد الله وعهد رسوله إلاّ سلط الله عليهم عدواً من غيرهم فأخذوا بعض ما في أيديهم ٠

٥-وما لم تحكم أئمتهم بكتاب الله و تخيّروا مما أنزل الله ،إلاّ جعل الله بأسهم بينهم}

واتە: پێغەمبەر ﷺ ڕوی کردە کۆمەڵی کۆچەکەرانی مەککەو فەرمووی ئەگەر ئالودەی پێنج شت بوون و بوو بە کردارتان - وەپەنا ئەگرم بە اللّٰه لەوەی کە توشیان ببن - ئەوە بێ خێر ئەبن و جۆرەها تۆڵە وسزای اللّٰه تان بۆ دێ .

١-هیچ کۆمەڵێك بەد ڕەوشتی وزینا کردنی تیا بڵاو نەبۆتەوە ئیللا توشی جۆرەها نەخۆشی وئێش وئازار ئەبن وەکو ئێستا کە زۆربەی وولاتانی بێ بڕوا گیریان خواردوە بە نەخۆشی ئایدزەوە ودەستەوسان بوون لە ئاستیا٠

٢-وەهیچ کۆمەڵێك دەست ناکەن بەدزی وخیانەت لەتەرازو و پێوانەیاندا ئیللا خوای گەورە تۆڵەیان لێ ئەکاتەوە بەگرانی و قورسی باری ژیان و ستەم و زوڵمی فەرمان ڕەواکانیان بەسەریانەوە ٠

٣-وە کەزەکاتی ماڵیان دەرنەکەن پەروەردگاریش بارانیان بۆ نابارێنێ وەئەگەر لەبەر ئاژەڵ نەبوایە خوای گەورە سزای بێ بارانی ئەدا بەسەر ئەو کۆمەڵانەی کەزەکاتی ماڵیان دەرناکەن ٠

٤-وەهیچ کۆمەڵێکی موسوڵمان عەهدو پەیمانی نێوان خۆیان و دوژمنانیان هەڵناوەشێننەوە بێ هۆ ئیللا خوای گەورە دوژمنی دەرەکی زاڵ ئەکا بەسەریانداو هەندێ لەماڵ وسامانیان لەبن دەست دەردێنێ

٥-وەهیچ کۆمەڵێك پشت هەڵناکات لە قورئان وسوننەت و کردنی بەبەرنامەی ژیان بەگشتی ئیللا خوای گەورە توشی ئاژاوەو شەڕو کێشەی ناوخۆییان ئەکات٠[٢٨]

والحمد لله رب العالمين

[٢٨] رواه ابن ماجة ٤٠١٩ والحاكم بسند صحيح